# ئابووریکردن لەزمان لەبەر ڕۆشنایی پەیوەندییەکانی دەق لە دەوروبەردا

**ID No. 1105**

(PP 118 - 132)

https://doi.org/10.21271/zjhs.27.6.8

**ئاسۆس انور سلێمان**

بەشی کارگێڕی دەزگاکانی گەشتیاری، پەیمانگەی تەکنیکی کارگێری هەولێر، زانکۆی پۆلیتەکنیکی- هەولێر

Asos.sulaman@epu.edu.iq

**وەرگـــــرتن : 2023/03/28**

**پەسندکردن : 2023/06/26**

**بڵاوکردنەوە : 2023/12/15**

## پوختە

ئەم توێژینەوەیە، کە بەناونیشانی (ئابووریکردن لە زمان لەبەر ڕۆشنایی پەیوەندییەکانی دەق لە دەوروبەردا)یە، لەبەر ڕۆشنایی پەیوەندییەکانی دەق، تیشکخراوەتە سەر ئابووریکردن لەزمانی کوردیدا، هەوڵدراوە ئەوە بسەلمێنرێت، ئابووریکردن وەك دیاردەیەکی دانەبڕاو لە هەموو ئاستەکانی زماندا پەیڕەو دەکرێت، بۆ ئەم مەبەستەش لەڕێگەی نموونەی وەرگیراوی کارەکی تایبەت بە ئاخاوتن، دەستنیشانی ئەو لایەنانەی زمانی کردووە کە ئابووریکردنیان تێدا ئەنجام دەدرێت، لەگەڵ دەستنیشانکردنی بەشێك لەو هۆکارانەی کەوا لە قسەکەر دەکەن هەوڵی کورتکردنەوەی دەربڕینەکانی بدات لەپەیوەندیکردندا.

پێشینەی زانیاری نێوان بەشداربووانی پەیوەندیکردن ڕۆڵی گەورەی دەبێت لە تێگەیشتن و گواستنەوەی پەیام بەخەرجکردنی کەمترین وزەو کات، چونکە زانیارییە هاوبەشەکانی نێوانیان پێویست بە دووبارەکردنەوە ناکەن و هیچ خزمەتێك بەباشتر تێگەیشتن و ئاسانکردنی پرۆسەکە ناگەیەنین، بەڵکو لەلایەن قسەکەرانی پەیوەندیکردنەوە پێویستی بە بەخشینی کات و وزەی زیاتر دەبێت، هەربۆیە بۆ خۆدەربازکردن لەم دۆخە، قسەکەران بەرەچاوکردنی دەوروبەر و بارودۆخی پەیوەندیکردن و مەرجی دروستنەبوونی لێڵواتایی، ئابووریکردن لەزماندا پەیڕەودەکەن، ئەویش لەڕێگەی چەندین میکانیزمی زمانی وەك: (لادان، کورتکردنەوە، بڕیتی خستن)، کە لە سەرجەم ئاستەکانی زماندا تێبینی دەکرێت، بەتایبەتی لە ئاخاوتندا.

**کلیلە وشەکان:** ئابووری, ئابووریکردن لە زمان،لادان، کورتکردنەوە، بڕیتی خستن.

## پێشەکی

1-0:ناونیشانی توێژینەوە:

ناونیشانی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە(ئابووریکردن لە زمان لەبەر ڕۆشنایی پەیوەندییەکانی دەق لە دەوروبەردا) هەوڵدراوە ئەم دیاردەیە، کە ئابووریکردنە لە زماندا، لەچوارچێوەی پەیوەندییەکانی نێو دەقدا بخرێتەڕوو، بەپشت بەستن بەو دەوروبەرە جیاوازانەی کە دەقەکەی بۆ ئامادەکراوە. ئەویش پەیوەندی (ڕێزمانی، واتاسازی، پراگماتیکی) دەگرێتەوە، چونکە دەق لەشێوەی نووسراو و گوتراودا، جگە لەوەی لەسەر بنەمای ڕێزمانی زمانەکە سازکراوە، هاوکات پەیوەندییەکی پتەوی واتایی لەنێوان پارچەکانیدا بوونی هەیە و کێشە واتاییەکان لەچوارچێوەی جۆرەکانی تری دەوروبەردا لێکدانەوەی پراگماتیکیان بۆ دەکرێت.

2-0 : سنووری توێژینەوە:

بۆ ئەم توێژینەوەیە جگە لە چەند نموونەیەکی دەقی نووسراو نەبێت، ئەگەرنا زۆرینەی نموونەکان لەئاخاوتنی دیالێکتی خوارووی زمانی کوردی وەرگیراون و کراونەتە ئامانجی دەستنیشانکردنی ئابووریکردن لە زمانی کوردیدا، هاوکات نموونەکان تەنیا تایبەت نین بە یەك ئاستی زمان، بەڵکو بەشێوەیەکی گشتی لە هەموو ئاستەکانی زماندا تیشکخراوەتە سەر ئابووریکردن.

3-0 :ئامانج و گرنگی توێژینەوە:

لەم توێژینەوەیەدا بەشێوەیەکی زانستی و بە پشتبەستن بە هەریەك لە میکانیزمە زمانییەکانی وەك: (لادان، بریتی خستن، کورتکردنەوە) هەوڵدراوە جۆرەکانی ئابووریکردن و گرنگی و ئامانجیان لە زمانی کوردیدا بخرێنەڕوو۔ ڕۆڵیان لەپەیوەندییەکاندا دەستنیشان بکرێت، کە دەبنە مایەی کەمتر بەکارهێنانی وزە و کات لەگواستنەوەی پەیامدا.

4-0 :هۆی هەڵبژاردنی بابەتی توێژینەوە:

ئابووریکردن لە زمان، بابەتێکی گرنگی زمانە و هەموو ئاستەکان دەگرێتەوە، بەتایبەتی لەپەیوەندیەکانی ناو دەقدا زۆر بەڕوونی دەرکەوتنی هەیە، قسەکەرانی زمان لەهەموو توێژەکان و سەر بەهەر بوارو پسپۆڕیەك بن،لەهەردوو ڕەگەزی (نێر و مێ)، هەوڵی کورتکردنەوەی پەیامیان دەدەن، بەمەرجی ئەوەی کاریگەری لە سەر واتا دروست نەکات و سروشتی ڕاست و ئامانجداری پەیام نەشێوێنێت، لەگەڵ ئەوەشدا، هەندێکجار لەئاستی لێکدانەوەی سیمانتیکیی واتای ڕستە و دەقی نووسراودا لێلی و ناڕوونی دروست دەبێت، دواتر بەگەڕانەوە بۆپێش و دوای دەقەکە بەشێك لەو ناڕوونیانە ئاشکرا دەبێت، ئینجا بەگەڕانەوە بۆ دەوروبەری گوتراوی ئەو دەقە و لێکدانەوەی پراگماتیکی دەقەکە ئەم لێڵی و ناڕوونییەی کە هەیە دەڕەوێتەوە، باسکردنی ئەم لایەنە و دەرکەوتنی شێوازەکانی ئابووریکردن لەدەقدا بەگەڕانەوە بۆ دەوروبە، هۆکاری سەرەکی هەڵبژاردنی ئەم بابەتە بوون.

5-0 :گریمانەی توێژینەوە:

گریمانەی ئەم توێژینەوەیە لەو پرسیارەوە سەرچاوەی گرتووە، کە لەپەیوەندیکردندا قسەکەرانی زمان هەوڵی ئەوە دەدەن بەکەمترین دەربڕین پەیامی خۆیان بگوازنەوە، ئەم دیاردەیەش زیاتر لە ئاخاوتندا بەدیدەکرێت بە بەراورد لەگەڵ نووسین، ئەویش زیاتر بۆ بوونی هێما نازمانییەکان و پاشخانی زانیاری نیوان قسەکەر و گوێگر دەگەڕێتەوە لە ئاخاوتندا.

6-0 : کەرەسەی توێژینەوە:

بۆ نووسینی ئەم توێژینەوەیە، بەشێوەیەکی سەرەکی سوود لە کەرەسەی زمانی ئاخاوتن وەرگیراوە و هەندێك ڕستەو دەقی ناو زمانەکە بۆ دەرخستنی ئابووریکردن لە زمانی کوردیدا بە نموونە وەرگیراون.

7-0 : ڕێبازی توێژینەوە:

لەم توێژینەوەیەدا ڕێبازی وەسفی شیکاری گشتی بەکارهێنراوە.

8-0 : ناوەڕۆکی توێژینەوە:

ئەم توێژینەوەیە لەپێشەکییەك و سێ تەوەرە پێکهاتووە بەمشێوەی خوارەوە:

لە تەوەرەی یەکەمدا هەوڵدراوە ناساندن بۆ ئەو کەرەستە و زاراوە زمانییانەی کە هەن و پەیوەست بەتوێژینەوەکەن بکرێت، تاوەکو لە تەوەرەی دووەم و سێیەمدا، کە ئامانجی ڕاستەقینەی باسەکەیە، بەرچاوڕوونی پێویست بۆ خوێنەر فەراهەم بکرێت، بۆ تێگەیشتن لەپەیام و مەبەستی توێژینەوەکە.

تەوەرەی دووەم تایبەتکراوە بە لێکدانەوەی واتای دەق و ڕوونکردنەوەی دیاردەی ئابووریکردن لە زمان لەجۆری (بریتی خستن و کورتکردنەوە و لادان)، کە لە تەوەرەی یەکەمدا باس لەدەوروبەری زمانی کراوە و نموونەکان هەندێکیان لە سەرچاوەکان و هەندێکي دیکەیان لە سروشتی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی ڕۆژانەی ناو خەڵکدا وەرگیراون، هەروەها بەشێکییان بەپێی پێویست داتاشراون.

تەوەرەی سێیەم تەرخانکراوە بۆ ئابووریکردن لە دەورووبەری بارودۆخ و گوتن، کەچۆن دەوروبەرە جیاوازەکان بواری ئابووریکردن بە قسەکەری زمان دەدەن و هاریکاری دەکەن بۆ تێگەیشتن لە واتای دەق و مەبەستی قسەکەر.

1-1 : ئابووریکردن لەزمان:

ئابووریکردن دیاردەیەکی باوە لەناو هەموو زمانەکانی جیهاندا، کە بۆ مەبەستی گواستنەوە و ئاڵوگۆڕکردنی پەیام و ئاسانکردن و کەمکردنەوەی بەکارهێنانی وزە و گێڕانەوەی کات لەپەیوەندیکرندا پەیڕەودەکرێت، مەرجی سەرەکی ئابووریکردنیش، پاراستنی واتا و دروست نەبوونی لێلی و ناڕوونییە لەزماندا، بە مانای ڕێکخستنەوە و نەهێشتنی زیادەڕۆییش دێت بە مەبەستی پاشەکەوتکردن، یان گلدانەوە و دەستکەوت، پەیوەندی ئەم زانستەش بە زمانەوە لەوەوە سەرچاوە دەگرێت، چۆن بتوانرێت لەپەیوەندیکردندا کەمترین وزە و کات خەرج بکرێت و بەکەمترین دەربڕین پەیامی پێویست ئاڵوگۆڕ بکرێت.(قباوة، 2001 ،ل 10).

ئابووریکردن لە هەموو ئاستەکانی زماندا ئەنجامدراوە، بەشێکیان ڕێزمانین و لە دیراسەکردنی نێوان هێماکانی زماندا دەردەکەون و یاسا دەنگسازی و وشەسازی و ڕستەسازییەکان دەگرێتەوە، ئەویتریان بواری واتاییە، کە پەیوەستە بەپەیوەندی نێوان ئەو هێمایانە

بە جیهانی دەرەوە، كە هێماكانیان بۆ دانراوە، ئینجا بواری پراگماتیك، كە ئەویش واتا دەبەستێتەوە بەدەوروبەر و مەبەستی قسەكەر بۆ لێكدانەوەی پەیام و گەیاندنی بە كەمترین كات و وزە، بەمەرجی دروست نەبوونی لێڵواتایی.

1-1-1:ناساندنی ئابووریكردن لە زماندا:

زمانەوانی فەڕەنسی "بیرجیرۆ" چەمكی ئابووریكردن لەزماندا دەناسێنێ و دەڵێ: ((ئابووریكردن لەئاخاوتندا بەستراوەتەوە بەسەرفكردنی كەمترین وزەوە)) (غديري، 2002-2003،ل 4). كەواتە زمان پەیوەستە بە مەرجی كەمتر سەرفكردنی وزە و ماندووبوونەوە، بۆیە هەموو ئەو كەرەسە زمانیانەی كە بەپێویست نازاندرێن لەلایەن قسەكەری زمانەوە لادەبردرێن. بۆنمونە: كاتێك گفتوگۆ و باسێك تایبەت بێت بەهەرێمی كوردستان، قسەكەرانی پەیوەندیكردنەكە لەبری ئەوەی چەند جارێك بڵێن: (هەرێمی كوردستانی عێراق)، دەڵێن (هەرێمی كوردستان)، یاخود (هەرێم)، چونكە هەردولا كۆكن لەسەر ئەوەی كە باسی چ ناوچەكەیەك دەكەن، ئەمەش وادەكات ئابووریكردن ئەنجام بدەن.

بۆ ئابووریكردن لە زمان قسەكەران پەنا دەبەنە بەر، (لادان، كورتكردنەوە وبریتی خستن)، بەمەرجی لەبەرچاوگرتنی دروستنەبوونی لێڵی و ناڕوونی و تێكدانی واتا، بەمەبەستی كەمتر سەرفكردنی وزە و گێڕانەوە و پاشەكەوتكردنی كات.

دیاردەی ئابووریكردن لە زماندا، دیاردەیەك نیە تایبەت بێت بەیەك زمان، بەڵكو تەواوی زمانە زیندووەكانی جیهان لەم دیاردەیەدا هاوبەشن، بەجۆرێك قسەكەرانی هەموو زمانەكان لەهەوڵی ئەوەدان كات و وزەی كەمتر خەرج بكەن لە زمانی خۆیاندا، ئەم دیاردەیەش هەموو ئاستەكانی زمان دەگرێتەوە. (رقاني، 2015، ل17).

گەڕانەوە بۆ دەق و دەوروبەری جیاوازی دەقەكە، زیاتر و باشتر نزیكمان دەكاتەوە لە واتاو مەبەستی نێرەر، چونكە كاتێك مۆرفیمێك یان وشەیەك لەبری یەكێكی دیكە یان چەند وشەیەك دادەنرێت، لەوكاتەدا پێویستە بۆ پێش و دوای ڕستەكە بگەڕێینەوە، بەمەبەستی حاڵی بوون، چونكە زۆرجار ڕستە بەتەنها ناتوانێت چارەسەری لێكدانەوەی واتا بكات، وەك:

1-دوێنێ مام بایز و كاك كەریم لە ماڵی كاك محەمەد بوون، بەڵام من ئەوانم نەبینی.

2-ئەوانم نەبینی.

لە نموونەی (2)دا، نازانرێ(ئەوان) كێن، بەڵام بەگەڕانەوەمان بۆڕستەی پێشووی ناو دەقەكە، وەك چۆن لەنموونەی (1)داهاتووە، دەردەكەوێت كەجێناوی سەربەخۆ بۆ كەسی سێیەمی كۆ (ئەوان) لەشوێنی (مام بایز و كاك كەریم)دانراوە، ئەمەش بەمەبەستی (بریتی خستن) ئەنجامدراوە، بۆ دووبارە نەكردنەوەی ئەم ناوانە و ئابووریكردن لە زماندا ئەم كارە ئەنجامدراوە، ئەگەرنا دەبوو نموونەی (1)، بەشێوەي نموونەی (3) بێت لەخوارەوە:

3-"دوێنێ مام بایز و كاك كەریم لەماڵی كاك محەمەد بوون، بەڵام من مام بایز و كاك كەریمم نەبینی".

ئەوەی جێگەی سەرنجە لێكدانەوەی دیوێكی دیكەی واتایە،كە بریتییە لە مەبەستی قسەكەر و ڕادەی تێگەیشتنی بەرامبەر، بەجۆرێك ئەگەری بوونی چەندین واتای دیكە لەئارادایە، كە بەبێ گەڕانەوە بۆ دەوروبەری گوتن ئاشكرا نابن، ڕەنگە لە نموونەی (3)دا، قسەكەر مەبەستی لە بینینی بەرجەستەو بینراو نەبێت، بەڵكو مەبەستێكی پراگماتیكی هەبێت، بەو مانایەی كە (مام بایز و كاك كەریم) هیچ ڕۆڵ و بوونێكی كاریگەریان لەدانیشتنەكەدا نیشان نەداوە.

1-1-2: جۆرو شێوازەكانی ئابووریكردن:

هەریەك لە (كورتكردنەوە و لادان و بریتی خستن) ڕۆڵی بەرچاویان لەپرۆسەی ئابووریكردندا هەیە، بەمەرجی دروست نەبوونی لێڵواتایی، ئەگەرچی لەڕێگەی پەیوەندییەكانی دەق و لكاندنی پارچەكانی بەیەكەوە، تارادەیەك لەواتا و مەبەستی قسەكەر نزیك دەبینەوە، بەڵام تا نەگەڕێینەوە بۆ دەوروبەری گوتنێك، مەبەستی ڕاستەقینەی قسەكەر دەرناكەوێت، چونكە بەدەركەوتنی تەنها ڕستەیەك، ڕوون نابێتەوە "ئابووریكردن" لە كام كەرەستەو كامە بەشی دەقەكەدا كراوە، بۆ نموونە: لەڕستەی (ئەو كاری لەمجۆرە ناكات)، تا نەگەڕێینەوە ڕستەكانی پێشووتر لەچوارچێوەی دەقەكەدا. نازانرێت مەبەست لەئەو (كێ)یە؟

(كورتكردنەوە) بەمانای ئاسانكردن لەنووسین و قسەكردن دێت لەپێناو گێرانەوەی كات و وزەی زیادە، ئەمەش هەریەك لە قسەكردن و وەڵامدانەوە لەپرۆسەی پەیوەندیكردندا دەگرێتەوە. (رقاني، 2014-2015، ل 18).

(بریتی خستن) وەك یاسایەكی گوێزانەوەی ڕۆنانی ژێرەوە بۆڕۆنانی سەرەوە لەڕستەدا، لەپاڵ هەریەك لە یاسای (لادان و كورتكردنەوە)دا زۆر چالاكە، بۆیە ئێمە لە دەوروبەری زمانیدا زیاتر ئەو نموونانەمان وەرگرتووە كە لەڕێگەی یاسای (بریتی خستن)ەوە ئابووری تێداكراوە.

قیس کاکل تۆفیق، لەنامەی دکتۆراکەیدا، ئاماژەی بەپێناسەی (هالیدای) کردووە، کە دەڵێ:(( بریتی خستن بریتیە لە جێگرتنەوەی کەرەستەیەکی زمانی بە کەرەستەیەکی تر لەچوارچێوەی دەقدا)). (تۆفیق، 2002 ،ل 97).

1-1-3: پەیوەندییەکان لەنێو دەقدا :

(هیلمسلف) دەڵێت ((دەق گوتەیەکە هەرچۆنێك بێت، نووسراو یان درکێنراو، یان کورت، یان درێژ، یان تازە، یان کۆن، بۆ نموونە وشەی (ڕاوەستە) دەقێکی تەواوە، هەروەکو ڕۆمانێکی درێژ وایە، بەوەی کە هەر کەرەستەیەکی زمانی دەقێك پێکدەهێنێت بەجۆرێك کە شایەنی شیکردنەوە بێت بۆ سیما پێکهێنەرەکانی، هەروەها خودی کەرەستەکە شایەنی کەرتکردن بێت بۆ بەشەکانی)) (عەلی، 2019 ،ل 17).

ئەو یەکە زمانییەیە کە دەکەوێتە سەرووی ڕستەوە، لەگەڵ ئەوەشدا دەشێلەشێوەی ڕستەیەك، یان تەنانەت لەشێوەی وشەیەکدا دەربکەون، کاتێك دەخرێنە ناو دەوروبەرەوە(سیاقەوە)، بۆ نموونە، کاتێك لەسەر جامخانەی دوکانێك دەنووسرێت:

4-کراوەیە

5-داخراوە

ئەم دەربڕینانە کە ئابووریکردنی تێداکراوە،وەکو دەقێك تەماشا دەکرێن و واتاکەیان پەیوەستە بەو دەوروبەرەی کە بۆیان بەکارهاتووە.

یان کاتێك لەسەر دەرگای دوکانێك دەنووسرێت: دوای (1) کاتژمێر دەگەڕێینەوە.

نازانرێت کاتی داخستنی دوکانەکە کەی بووە، تا بزانریت کەی دەکرێتەوە، چونکە ئاگاداری بارودۆخەکە نین.

لای هالیدای: ڕستە کۆمەڵێك کەرەستەی یەك لەدوای یەك نییە، دیسان یەکەیەکی ڕستەسازی نییە، بەڵکو یەکەیەکی واتاسازییە، دەقیش تایبەتمەندی یەکێتی واتایی لەدەوروبەردایە و پەیوەندی بەو چوارچێوەیە هەیە، کە تیایدا دانراوە، یەکێتی واتایی دەق لەو پەیوەندییە دێت، کەڕستەکان لە دەق بەیەکەوە دەبەستێتەوەو دەق پێکدێنێت. دەق ڕستەی یەکەمی لێدەرچێت، ئەوانی تر هەمووی پەیوەندییان بەڕستەکانی پێش و دوایەوە هەیە، هەریەك لەڕستەکان بەلایەنی کەمەوە گەڕانەوەیەکیان هەیە. (دزەیی، 2014 ،ل 52-53).

1-1-4: واتاو دەرووبەر :

سەبارەت بە پێناسەی واتا، فێرس دەڵێت: (واتا بریتییە لە کۆمەڵە پەیوەندییەکی سیاقی ئاڵۆز).

واتا بەئاسانی ناگیرێت و دەستنیشان ناکرێت، نابێت ئەو واتایەی کە لە دەرەوەی دەورووبەردا بۆ وشەکان دانراون، بە تاکە واتای سەرەکی و جێگیری ئەم وشانە لەقەڵەم بدرێن، چونکە بەکارهێنانە جیاوازەکان واتای جیاواز بۆ وشەکان دروستدەکەن، هاوکات کۆمەڵێك هۆکاری وەك ( کات و شوێنی ئاخاوتن و پەیوەندی نێوان قسەکەران و نەریتی هاوبەشی نێوانیان، لەگەڵ ئەو قسانەی پێش ئاخاوتنەکە کراون) پشکیان لە پێدانی واتا بە فۆڕمی وشەکان دەبێت.(عەلی، 2019 ،ل 24).

زۆربەری یەکە واتاییەکان لەگەڵ یەکەکانی تری زماندا دەردەکەون و ناتوانرێت بەبێ سەرنجدان بۆ یەکەکانی دەوروبەریان واتایان دەستنیشان بکرێت، ئەم یەکانەش هاوکاری یەکتر دەبن و بوار بە قسەکەری زمان دەدەن کە ئابووری لە بەکارهێنانی زمانەکەیدا بکات.

دەوروبەری زمانی بەرهەمی بەکارهێنانی وشەیە لەناو سیستەمی ڕستەدا، کە لەگەڵ کۆمەڵە وشەیەکی دیکە دراوسێ بێت، ئەم دراوسێیەتییەش لە دەوروبەری زمانیدا زۆر لەپەیوەندییە واتاییەکان ڕووندەکاتەوە بەڵام هەموویان نا. (بوقرة، 2016،ل 158 ).

دەوروبەر بۆ لێکدانەوەی واتا، پشت بە چەند هۆکارێکی دەرەوەی پێکهاتەی ڕێزمانی دەربرینێك دەبەستێت بۆ دیاریکردنی مەبەستی قسەکەر بەپێی بارودۆخ، نەك بەپێی واتای فەرهەنگی وشە و جۆری ڕیزبوونی ڕێزمانی لە پاڵ کەرستەکانی تری دەقێکی زمانیدا. دەکرێ بوترێت (ئەو دەوروبەرەیە کە ئاماژە بە چەندین لایەنی ڕاستەوخۆی دەقێك دەکات، کە لەکاتی قسەکردندا تێبینی دەکرێن لەڕێگەی بەشداربووان و بارودۆخی پەیوەندیکردنەوە).

(هزلة، 2015،ل 16).

1-1-5: پەیوەندی نێوان واتای دەق و دەوروبەر :

پەیوەندییەکی بەتین لەنێوان واتای دەق و دەوروبەردا هەیە، بەجۆرێك واتای وشەو ڕستەکان بەبێ گەڕانەوە بۆپێش و دوای خۆیان لێکنادرێنەوە و واتایان ڕوون نابێتەوە، واتای یەکەمیان لێکدانەوەی سیمانتیکییە و پەیوەستە بەو واتایەی کەڕیزبوونی ئاسۆیی

کەرەستەکانی ڕستەو دەقی نووسراو دەبەخشن، لەکاتێکدا واتای ڕاستەقینەی دەق پەیوەستە بە مەبەستی قسەکەر و ئەو بارودۆخەی کە دەقەکەی تێدا گوتراوە، بەجۆرێك واتا بوونێکی جێگیری نییەو بەستراوەتەوە بە بەکارهێنانی لە دەوروبەری جیاوازدا، بۆ نموونە:

لە دەروبەرێکی کۆمەڵایەتیدا، ژنێك چوار بووکی هەیە، ئەگەر یەکێك لە بووکەکان بەژنەکە بڵێت :

6-ئایا تەنها نازدار بووکی تۆیە؟

ئەم ڕستەیە بەبێ گەڕانەوە بۆ دەوروبەری کۆمەڵایەتی و مەبەستی قسەکەر لێکدانەوەی واتاکەی ئاسان نییە، لەوانەیە لەگرنگی دانی خەسوو بەم بووکەیانەوە کە ناوی (نازدار)ە، هاوکات فەرامۆشکردنی ئەوانی ترەوە سەرچاوەی گرتبێت.

نموونەی (6) بەپرۆسەی ئابووریکردندا تێپەڕیوە بەبێ ئەوەی کاریگەری بکاتە سەر واتای ڕستەکە، چونکە پێشینەی پەیوەندی نێوان بووك و خەسوەکە، لەگەڵ ڕوداوەکانی پێشووتری ناو دەقەکە، مەبەستی قسەکەر لەپەیامێکی پراگماتیکیدا گەیاندووە بە بەرامبەر. (وتجنشیتین) دەڵێت: ((مەگەڕێ بەدوای واتای وشە، بەڵکو بگەڕێ بەدوای چۆنییەتی بەکارهێنانی))، تەنها ئەو شێوازەی کە وشەی تێدا بەکاردەهێنرێت، دەستنیشانی مانای ڕاستەقینە و سەرەکی وشەکان دەکات. (علاوة، 2015،ل 21).

جۆری چەندێتی و چۆنییەتی ئابووریکردن بەندە بە دەوروبەری دەقەوە، لە هەندێك دەوروبەردا، پەیوەندي نێوان نێرەر و وەرگر لەلایەك، هەروەها پێشینەی زانیاری و ئاگاداربوونی نێرەر و وەرگر لەلایەکی دیکەوە، وای کردووە دەربڕینەکە زۆر کورت بکرێتەوە، وەك لەژمارە (7، 8، 9)دا هاتووە، نموونە:

7-کوڕم سعات چەندە؟

8-سعات چەندە؟

9-تەنها ئاماژەکردن بە دەست بۆ سعاتەکەی.

لێکدانەوەی واتای فەرهەنگی وشەکان لە نموونەی (6)دا بەپێی ڕیزبوونی ئاسۆیی کەرەستەکانی، بریتییە (لەپرسیارکردن لە کات)، بەڵام بەلکاندنی ئەم دەربڕینە لەگەڵ دەرروبەری گوتنەکەدا ڕەنگە مانای دیکەی هەبێت، بۆ نموونە:

ئەگەر لەبارودۆخی دەرنگ هاتنەوەی کوڕەکەی بۆ ماڵەوە لەلایەن باوکەکەیەوە وترابێت، واتای ئەمانەی خوارەوە دەگەیەنێت:

-ئاگادارکردنەوە

-سەرزەنشتکردن:دەریدەخات کە ئەم ڕەفتارە دووبارەکراوەتەوە لای کوڕەکەی.

ئاشکرایە کە مەبەستی قسەکەر پرسیارکردن نییە بۆ وەرگرتنەوەی وەڵام، چونکە وەڵامەکەی دەزانێت ؟

هەریەك لەنموونەکانی (7، 8، 9) لە سەرەوەدا ئابووریکردنیان تێداکراوە، پێشینەی زانیاری و پەیوەندی نێوان باوك و کوڕەکە، هاوکارە بۆ ئابووریکردنەکە، بێ ئەوەی لێڵواتایی لەلای وەرگر دروستبکات.

6-1-1: ئابووریکردن لەدەوروبەری زمانیدا :

هەروەك چۆن لە پێشووتریش ئاماژەمان بەدەوروبەری زمانی دا، (وتمان ئەم دەوروبەرە بەرهەمی بەکارهێنانی وشەیەکە لەناو سیستەمی ڕستەو دەقدا، کە لەگەڵ کۆمەڵە وشەیەکی دیکەدا دراوسێ بێت، ئەم دراوسێیەتییەش لە دەوروبەری زمانیدا زۆر لە پەیوەندییە واتاییەکان ڕوون دەکاتەوە بەڵام هەموویان نا، چونکە تەنانەت دەوروبەری زمانیش بێبەش نییە لە دیاردەی لێڵی و ناڕوونی، بەڵام بەگەڕانەوە بۆ دەوروبەری گوتن، واتاو مەبەستی قسەکەر دەردەکەوێت.

سەبارەت بەئابووریکردنیش، بەشێوەیەکی بەرچاو یاسای ( بریتی خستن) لەچوارچێوەی دەقدا ڕۆڵدەبینێت و توانا و بواری بۆ قسەکەرانی زمان دروستکردووە، کە بە مەبەستی کورتبڕی لە زماندا پاشەکەوتی وزە و کاتی خۆیان بکەن.

(بریتی خستن) لە دەوروبەری زمانیدا، لەنێوان دوو کەرەستەی دەقێکدا دەکرێ، کە ئەمەش یەکێکە لەتایبەتمەندیيە جێگیرکراوەکانی (بریتی خستن)، مەرجە هەردووکیان بوونێکی بەرجەستەیان هەبێت، واتە (بریتی خراو) و (کەرەستە بنجییەکە) بوونیان هەبێت، زۆربەی کات (کەرەسەی بنجی)، بەکەرەسەی بچوکتر لەخۆی شوێنی لە دەقدا دەگیرێتەوە، بۆ نموونە ئەگەر وشە بنجییەکە گرێیەکی ئاوەڵکاری بێت، ئەوا زیاتر بە ئامرازی نیشانەی شوێن جێگیر دەکرێت، وەك:

| | | |
|---|---|---|
| 10-لە قوتابخانەکەدا | لەوێدا | |
| 11-بە نەسرین دا | بە ئەودا | بەودا |

ئەم دیاردەیەش تەریب دەوەستێت لەگەڵ بنەماکانی ئابووریکردن و کەمتر بەکارهێنانی وزە، بەڵام مەرج و تایبەتمەندیەکانی (بریتی خستن) نابێت ببەزێنرێت، ئەویش ئەوەیە، ((هەردوو کەرەستەکە (کەرستە بنجیەکە و ئەو کەرەستەیەی کە لەبریتی ئەودا بەکارهاتووە)، سەر بەیەك پۆلی ڕێزماني بن. واتە ئەگەر کەرستە بنجیەکە ناوبێت، ئەوا ئەوەی لەبری دانراوە دەبێ ناو، یان جێناو بێت، یان لەپۆلی ناویدا بێت، ئەگەر ئاوەڵکاریش بێت بەهەمان شێوە(تۆفیق، 2002 ،ل99) ، وەك:

12-ئازاد و نەوزادم بینی ، ئەوان هاوڕابوون لەگەڵ ئێمە جێناو

1-1-7: دەقە ئاماژەی پێشەوەو دەقە ئاماژەی دواوە :

هەموو ئەو ئاماژانە دەگرێتەوە کە بۆ کەرەسەکانی ناو دەق دەگەڕێنەوە، واتە ئاماژەکردنەکە لەناو دەقدا ڕوودەدات و پەیوەندی بە دەرەوەی دەق نییە، ئەویش دوو جۆرە، (دەقە ئاماژەی پێشەوە و دەقە ئاماژەی دواوە)، ئەوەی یەکەمیان ئاماژە بۆ کەرەسەیەکی پێش خۆی دەکات لەڕستەکانی پێشووتری دەقەکە. هەرچی دووەمیانە، ئاماژە بۆ کەرەسەیەکی دوای خۆی دەکات لە دەقەکەدا. ئەمانە دەبنە مایەی لکاندنی بەشەکانی دەق بەیەکەوە، بەمەبەستی دروستکردنی پەیوەندییەکی واتایی لەنێوان کەرەسەکانی دەقدا، ئەمەش پەیوەستە بە دەوروبەری زمانی، کە ئامانجی سەرەکی تەوەرەی دووەمی توێژینەوەکەیە.

2: ئابووریکردن لەڕێگەی کەرەسە زمانییەکانەوە:

2-1: ئابووریکردن لەڕێگەی جێناوەکانەوە:

جێناو وەك یەکێك لەکەرەسە بەرچاوەکانی زمان ڕۆڵێکی کارا دەگێڕێت لە ئابووریکردن لە زمان، جۆرەکانی جێناو لە ڕێگەی بریتی خستنەوە پشکدارن لە گێرانەوەی کات و وزەی بەشداربووانی پەیوەندیکردن لە گواستنەوەی پەیامدا، ئەویش لەڕێگەی شوێنگرتنەوەی بەشێك لە کەرەسە زمانییەکانی دیکە لە زماندا.

2-2-1: جێناوە کەسییە سەربەخۆکان:

((جێناوە کەسییەکانی وەك( من، تۆ،ئەو، ئێمە، ئێوە، ئەوان )، ناوەڕۆکێکی فەرهەنگی دیاریکراویان نییە و سیماکانی کەس، ژمارە، جنس و دۆخیان هەیە، لەوانەیە ئاماژە بۆ کەسێکی سەربەخۆ بکەن، یان هاوئاماژە بن لەگەڵ کەسێك کە پێشتر لە ڕستەکەدا باسکرابێت)).(محەمەد، 2009 ، ل 217).

(( ئەنافۆراش بەکارهێنانی فۆرمێك یان پرۆفۆرمێکی کورتە کە لە شوێنی دەربڕینێکی درێژتر بەکاردەهێندرێت و لە کۆنتێکستەکەشدا بەدەردەکەوێت کە پرۆفۆرمەکە بۆچی بەکارهاتووە، جێناویش یەکێکە لە پرۆفۆرمەکان)). (هەمان سەرچاوە، 217).

بەپێی کەس و ژمارەی، ئەم شەش جێناوە کەسییە (من، تۆ، ئەو، ئێمە، ئێوە، ئەوان)، هەموویان ئەرکی (بریتی خستن) نابینن، تەنها کەسی سێیەم(تاك و کۆ) تایبەتە بە بینینی ئەرکی (بریتی خستن)، کە هاوئاماژەن و سەر بەهەمان پۆلی ڕێزمانین، وەکو:

13-نەخۆشی پیاو و ژن و پیر و منداڵ ناناسێت، ڕێگەی ڕاست ئەوەیە کە(ئەوان) ئاگاداری تەندروستی خۆیان بن.

جێناوی کەسی "ئەوان" کە دەربڕینێکی کورترە هاوئاماژەیە لەگەڵ "پیاو و ژن و پیر و منداڵ"، کە لە کەس و ژمارەدا یەکسانن.

14-شێروان شارەزایی زۆری لە کارکردنی بەگروپ هەبوو، ئەزموونی ساڵانێکی زۆر بەڵگەی کارامەیی ئەو بوون.

جێناوی کەسی (ئەو) هاوئاماژەیە لەگەڵ (شێروان)، کە لە کەس و ژمارەدا یەکسانن.

2-2-2: جێناوە کەسییە لکاوەکان:

لە زمانی کوردیدا دوو دەستە جێناوی لکاو هەن، کە چەند ئەرکێکی سینتاکسی جیاوازی وەك (بکەر، بەرکار، خاوەنداری...هتد) دەبینن، بەچەند شێوەیەك دەبنە شوێنگرەوە و لەبری کەرستەکانی زمان بەکاردەهێنرێن، بەکارهێنانیان لەهەموو حاڵەتەکاندا بەسوودی ئابووریکردن لە زمان تەواو دەبێت، هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ بچوکی ئەم کەرەسەی زمان و بەرفراوانی ئەو ڕۆڵەی کە لەڕستەو دەقدا دەیبینێت.

یەکێ لەتایبەتمەندییەکانی کۆمەڵی یەکەمی جێناوە لکاوەکان، واتە کۆمەڵی (م-مان) ئەوەیە شوێنی لەڕستەدا دەگۆڕێت، بەپێی قالبی ڕستەکە. (ڕەسوول، 2014 ، ل40).

15-بەئازاد گوترابوو کە نابێ تا بەیانی هیچ بخوات، کەچی سێوێکی خوارد .

جێناوی لکاوی (ی) لەنموونەی(15)دا ، بۆتە هاوئاماژە بۆ هەریەك لە (ئەو) کە (بریتی خستنی) بۆ کراوە و، لەگەڵ (ئازاد)دا کە لەڕستەی پێشوودا هاتووە. ئەم جێناوە چۆتە سەر کۆتایی کاری ڕستەکەوە، لە ئەگەری لابردنی بەرکاردا، شوێنی ئەم جێناوە لکاوە دەگۆڕێت و بەکۆتایی کارەکەوە دەلکێن وەك لەنموونەی (16)دا هاتووە:

16- بەئازادگوترابوو كە نابێ سێوەكە بخوات، بەڵام خواردی.

1-2-2-2: بریتی خستنی بكەر:

لەو ڕستانەدا كە كارەكانیان تێنەپەڕە، گروپی (B)ی (م، ی، Ø ، ین، ن ، ن)، بەپێی كەس و ژمارە، ئەركی بكەری دەبینن، دەچنە سەر كۆتایی كاری ڕستەكان و ئەركی ڕێكەوتن دەبینن لەنێوان بكەرو فەرماندا، بەمجۆرە:

17-من هاتم هاتم (م) هاوئاماژەیە لەگەڵ (من)

18-ئەوان هاتن هاتن (ن) هاوئاماژەیە لەگەڵ (ئەوان)

19-ئازاد و نەوزاد و شێرزاد هاتن (ن) هاوئاماژەیە لەگەڵ (ئازاد و نەوزاد و شێرزاد)

هەندێكجار دەرنەكەوتنی ناو، یاخود جێناوە كەسیە سەربەخۆكان لەڕستە و دەقدا بەمەبەستی ئابووریكردن لە زمان، وە شوێنگرتنەوەیان بە جێناوە كەسییە لكاوەكان بۆ كەسی دووەم و سێیەمی كۆ، لێڵی دروست دەكەن و نازانرێت ئاخۆ كرداری (بریتی خستن) بۆ كەسی دووەم، یان سێیەم، ئەنجامدراوە، چونكە وەك ئاشكرایە، لە هەردوو باردا وەك یەكتر دەردەكەون، واتە (ن) یان لەشوێن دادەنرێت، وەك ئەم نموونانەی خوارەوە:

20-لام وایە زۆر بەگەرمی بەخێرهاتنیان دەكەن.

Ø (ئێوە – ئەوان)

دەكرێ (ن)، كە جێناوی لكاوە، لەبری كەسی دووەمی كۆ، یان كەسی سێیەمی كۆ بەكارهاتبێت، بەم جۆرانەی خوارەوە:

21-لام وایە ئێوە زۆر بەگەرمی بەخێرهاتنیان دەكەن.

22-لام وایە ئەوان زۆر بەگەرمی بەخێرهاتنیان دەكەن.

ئەم دیاردەیە لەچوارچێوەی قسەكردن یان دەقدا تەمومژی نامێنێت. (تۆفیق، 2002 ، ل112).

2-2-2-2 :بریتی خستنی بەركار :

بەركاریش هاوشێوەی بكەر لەدوو فۆڕمدا دەردەكەوێت، فۆڕمێكیان سەربەخۆیەو ئەوی دیكەیان لكاوە، بۆیە بەمەبەستی ئابووریكردن، بەجێناوی لكاو شوێنی پڕدەكرێتەوە و لەبری بەكاردەهێنرێت:

23-ئەو سێوەكەی خوارد (خواردی) ( - ئەو - سێوەكە + ی )

24-پۆلیسەكە ئەو دزەی گرت، كە ماڵی خەڵكی تاڵان دەكرد.

لە نموونەی (23)دا، (ی) هاوئاماژەیە لەگەڵ وشەی (دز)

3-2-2-2 :بریتی خستن بە نیشانەی ناسراوی:

نیشانەی ناسراوی كاتێك بە مەبەستی ناوهێنانی كەسێك یان شتێك كە ناسراوە لەلای بەرامبەرەوە بۆ ناوێك دادەنرێت، بە پێویستی نازانێت ئەو تایبەتمەندییانەی لەڕێگەی دیارخەرەكانەوە دروست دەكرێن بەكاریان بهێنێت، ئەمەش لەپێناو كەمتر سەرفكردنی وزە و گێڕانەوەی كاتە، كە ئەمە ئابووریكردنە لە زمان لە ڕێگەی لابردنی بە ئارەزووی ئەم كەرەستانەوە، وەك لەم نموونەی خوارەوەدا ئاماژەمان پێداوە :

25-پیاوێك كوڕێكی زۆر زیرەك و بلیمەتی پەروەردە كردبوو، بۆیە خەڵكی بەچاوی ڕێزەوە سەیری ئەم پیاوەیان دەكرد، ڕۆژێك ئەم پیاوە كوڕەكەی خۆی بینی كە بەداماوی دانیشتووە، بەهێمنی لێی نزیك كەوتەوە و گوتی : ( كوڕی شیرینم چی تۆی وا نیگەران كردووە؟)

لەم دەقەی سەرەوەدا، وشەی "كوڕەكە" كە هێلی بەژێردا كێشراوە، لەبری (كوڕێكی زۆر زیرەك و بلیمەت)دا هاتووە، چونكە قسەكەر هەستاوە بەلادانی وشەكانی (زۆر زیرەك و بلیمەت) وە زیادكردنی (نیشانەی ناسراوی/ ەكە) بۆ وشەكە، بە مەبەستی گەیاندنی هەمان واتا، كە ئەمەش ئابووریكردنێكی ڕوون و ئاشكرای زمانە، كاتێك دووبارەكردنەوەی ئەم وشانە ئەركێكی زیاد دەخەنە سەر قسەكەر و تەنانەت گوێگریش.

یان لەبری ئەوەی بوترێت: "كوڕە باڵا بەرزە چاوشینەكە هات"

دەوترێت : "كوڕەكە هات"

دەشێ ئاوەڵناو شوێنی ناوی ناسراویش بگرێتەوە لەبارێکی ئاوادا (نیشانەی ناسراوی)، کە دەچێتە سەر ناو بۆ ناساندنی، دەگوازرێتەوە بۆ سەر ئاوەڵناوەکە، یان بۆ سەر ئەو ناوانەی وەك دیارخەر بۆ ناو بەکارهاتوون، کە بەزۆری لە میتافۆڕدا دەبینرێن: بەمشێوەیە:

26-مانگەکە هات لەبری "کچە جوانەکە هات"

4-2-2-2 : بریتی خستنی شوێن :

ئاوەڵکار لە زمانی کوردیدا وەکو بەشە ئاخاوتنی سەربەخۆ مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت، مەکارۆس بە پارتیکل لەقەلەمیان دەدات و دەڵێ: ((ئاوەڵکارەکان پارتیکلن، کە دەکرێ لە دەستەواژە زارەکی و ناوییەکاندا هەبن، یان لەسەرەتای ئاخاوتنەکاندا)) بۆ نموونە: (ئێرە خۆشە). (محمد امین و عەلی، 2023، ل331). ئاوەڵکارەکانی (ئێرە و ئەوێ) وەك شوێنگرەوەیەك بۆ (ئامرازی بەند و ناو) لەڕۆڵی ئاوەڵکاری شوێنیدا هاتوون و بۆ دووبارەنەکردنەوەی هەمان کەرەستە بەشێوەی خۆی، دەکرێ (ئێرە و ئەوێ)، هەمان ڕۆڵی ئەوان ببینن، وەکو ئەم نموونانەی خوارەوە:

27-لە بەغدا بووم لەوێ بووم

28-بە سلێمانیدا تێپەڕ بووم بەوێدا تێپەڕ بووم

دەتوانرێت لەبری ناوي چەند شوێنێکیش بەکاربهێنرێت، بۆ نموونە.

29-هەرکات بمەوێت دەتوانم سەردانی هەر وڵاتێکی ئەوروپا بکەم، بەڵام ئەوێ دڵخۆشم ناکات.

30-کە ئەو ڕۆیشت من لەوێ نەبووم (سەعید، 2011 ،ل 229).

لە نموونەی (30)دا، هەریەك لە (ئەو) وە (لەوێ)، نازانرێ لەبری (کێ و کوێ) بەکارهاتوون، هەردووکیان ڕۆڵی لکاندن و دروستکردنی پەیوەندییەکانی نێو دەق دەبینن و کاریگەریان لە سەر پرۆسەی ئابووریکردنی زمان هەیە.

5-2-2-2 : بریتی خستنی کات :

سەبارەت بە (ئاوەڵکار)ی کاتیش، بەهەمان شێوەی ئاوەڵکاری شوێنی، دەکرێ لەبری ناوهێنانی کاتەکە دابنرێت، بە مەرجێك لە پێشووتری دەقەکە، هێمای کات بوونی هەبێت، ئەوکاتە لەڕستەکانی دوای خۆیدا، هەریەك لە (ئەوسا، ئەوکات، ئەودەم......هتد) لەبریتی دادەنرێت، وەك:

31-ئێمە ساڵانی هەشتاکان ژیانمان زۆر خۆشتربوو لە ئێستا، لایەنی کەم ئەوسا برسی نەبووین.

بەشێك لە ئاماژەکانی کات لە گەڕانەوە بۆ پارچەکانی دیکەی دەقیشدا باسیان لێنەکراوە، زۆرجار مێژوو و کارەسات و ...هتد، دەبنە نیشانەی کات. بەکارهێنانیان بەپێی ڕۆشنبیری و هەندێکجار کەڵچەری جیاجیا دەگۆڕێت، بۆ نموونە:

32-ئازاد لەلافاوەکەدا لەدایکبووە.

(لە لافاوەکەدا) بەشێوەیەکی پراگماتیکی بەکارهێنراوە، ئەو قسەکەرەی کە ئەمەی دەربڕیووە، ئەگەر خەڵکی سلێمانی بێ و بۆ یەکێکی خەڵکی سلێمانی دوابێت، ئەوا کاتەکە ساڵی (1957)ە. (فەرەج، 2000 ،ل 97).

3-2-2 :جێناوی نیشانە :

جێناوی نیشانەش کە توانای ئاماژەکردنی بۆ کەرەستەکان هەیە و ئەو کەرەستانەی زمان کە لەلایەن جێناوی نیشانەوە ئاماژەیان بۆ دەکرێت، بە گەڕانەوەیان بۆ پێشووتری دەقەکە ڕووندەبێتەوە لەبری چی دانراون، دەکرێ قسەکەر بە مەبەستی خۆبەدوورگرتن لە درێژکردنەوەی قسەکانی و دوورکەوتنەوە لە بەکارهێنانی وزە و کاتی زیادە بەکاری هێنابن.( سلێمان، 2008 ،ل 78-79).

33-چەند منداڵێکی بچوك و داماو و نەخۆش، لەسەر شۆستەکە دانیشتبوون و چاوەڕێ بوون کەسێك بیانبات بۆ کارکردن، لەدڵی خۆمدا گوتم، ئەمانە هی کارکردن نین.

ئەمانە لەبری "چەند منداڵێکی بچوك و داماو و نەخۆش" بەکارهاتووە، ئەمەش لەڕێگەی گەڕانەوەمان بۆ ڕستەکانی پێشەوە دەرکەوتووە.

34-ئەمە کەلکی ئێمە ناگرێ.

ئەم بەکارهێنانەی جێناوە نیشانەکە لە نموونەی (34)دا، بەکارهێنانێکی پراگماتیکییە، چونکە بەدەر لە گەڕانەوە بۆ دەوروبەرەکەی، ناتوانین بزانین ئاماژەبۆکراو چییە، هێندە نەبێت کە دەزانین مەبەست لەشتێ یان کەسێ یاخود ڕووداوێکە و لەقسەکەرەوە نزیکە، چ

وەك كات یان وەك شوێن، بەڵام بە چوونە ناو چوارچێوەی باری وتن و بۆنەكەیەوە، ئەوا ئەو لێڵییە دەڕەوێتەوە و نامێنێت. (فەرەج، 2000،ل 81).

هەندێكجار پێویستە بۆ ڕستەكانی دواتر بڕوانین بەمەبەستی دەركەوتنی جێناوە نیشانەكان لەبەرامبەر كەرەستەكانی تری زماندا، وەك:

35-وەزیر: ئەدی... ئەمن دەزانم میللەتەكەی خۆم ئەوەیە حاڵ، ئەو عەجەم و ئەو فارسانە و ئەو توركانە چەند هۆز و قەبیلەن چەند شارو گوند و دێهاتن. هەمووی پشتی یەكیان گرتووە، هەمووی لەژێر یەك ئاڵاو یەك فەرمانی یەك پادشا شەڕ دەكەن. (دەقی شانۆیی (مەلیك خەلیل).

4-2-2 :جێناوی خۆیی:

جێناوە خۆیەتییەكانی وەك(خۆم ، خۆت، خۆی، خۆمان، خۆتان، خۆیان) و جێناوە هاوبەشەكانی وەك (یەكتر ، یەكتری ، ..هتد)شوێنپێی فرێزە ناویەكان دەگرنەوە. ئەم ئەنافۆڕانەش ئاماژە، یان دەلالەتێكی سەربەخۆیان نییە. زیاتر ئاماژەكانیان یان دەلالەتەكانیان لە فرێزە ناویەكانی ترەوە وەردەگرن)). (محەمەد، 2009 ، 217).

36-ئێمە خۆمان ئەنجامی دەدەین.          خۆمان ئەنجامی دەدەین.

(ئێمە) كە جێناوی سەربەخۆی كەسی یەكەمی كۆیە، بۆ جەختكردنەوە لەسەر ئەنجامدانی كارەكە بەكارهاتووە، بە لادان و لابردنی لە نموونەی (36)دا نابێتە هۆكاری گۆڕینی واتا، چونكە بەمەبەستی ئابووریكردن لە زمان لادەدرێت.

37-ئازاد و نەوزاد هاوڕێی یەكترن، بۆیە یەكتریان خۆش دەوێت.

38-ئێمە یەكترمان خۆش دەوێت.

( من تۆم خۆش دەوێت)، (تۆ منت خۆش دەوێت)، (هەردوكمان یەكترمان خۆش دەوێت).

3:ئابووریكردن لە دەوروبەری گوتندا :

((یەكێك لە بیرەكانی (فێرس) لەوەدایە كە واتای ڕستە دەبێ لەچوارچێوەی بەكارهێنانیدا لێكبدرێتەوە، هەروەها پەیوەندییەكی توندوتۆڵ لەنێوان گوتن و ئەو هەڵوێستەی كە تیایدا بەكاردێت هەیە. فێرس بەگشتی بایەخی بە چوارچێوەی بەكارهێنانی زمان داوە)) (سەعید، 2011،ل 43).

(نیشانە كەسییەكان)، هەندێكجار بەپێی پێش و دوای ڕستە لە دەقدا و هەندێكجاریش بەگەڕانەوە بۆ دەوروبەری گوتن، دەزانرێ لەبری چی بەكارهاتوون، یاخود بۆچی دەگەڕێنەوە، واتە بەپێی (كەس و كات و شوێن)ی گوتن،واتایان دەگۆڕێت و بە بێ دەوروبەر واتایەكی ڕوون و دیاریكراویان نابێت، وەك:

39-دڵمان بەو تروسكاییە خۆشە.

لەڕستەی (39)دا، ئاشكرا نییە مەبەست لە كام تروسكاییە، واتە ئەگەرچی لەڕێگەی جێناوی نیشانەی (بەو/ بە ئەو)، ئاماژەی بۆ كراوە، بەڵام وەك نیشانەیەكی پراگماتیكی بەكارهاتووە، بە بێ ئاگاداربوون لە دەوروبەری گوتنەكە نازانرێت مەبەست لەم تروسكاییە چییە. (فەرەج،2000، ل 7).

"فێرس" دەڵێت: واتای فەرهەنگی هەمموو شتێك نییە بۆ تێگەیشتن لە مانای وشە، تەنانەت ئەو واتایەش كە دەوروبەرێكی نووسراو لەڕێگەی زمانەوە بە وشەی دەدات. (بوقرة، 2016، ل 158 ).

- لای فێرس مانا شتێك نییە لە هزر و بیردا هەبێت، تەنانەت پەیوەندییەكی دوولایەنەش نییە لەنێوان دال و مەدلولدا، لای ئەو مانا لە سیاق و گوتندا دەردەكەوێت.
- لای فێرس شوێن و بارودۆخی ئاخاوتن ڕەنگدانەوەی لەسەر لێكدانەوەی واتای وشە دەبێت، چونكە گۆڕینی بارودۆخ و حاڵەتی ئاخاوتن دەبێتە مایەی گۆڕینی واتا، بۆیە ناویان ناوە (واتای بارودۆخ)، لەبەر ئەوەی چەندین ڕەگەزی نازمانی ڕۆڵ دەبینن لە دەستنیشانكردنی مانا، لەوانە:

-كەسایەتی قسەكەرو گوێگر و كەسی سێیەم كە چاودێرە و بەشداری گفتوگۆكردنەكەیە.

-هۆكاری كۆمەڵایەتی و ئابووری و ژینگەیی و ...هتد لەپەیوەندیكردندا.

-چەندین هۆكاری دیكەی وەك ڕازیكردن و دڵخۆشی و ئازار و ناڕەحەتی و ..هتد. (براح،2015 ، ل11 ).

هەربۆیە زمانەوانەکان چەندین دەوروبەریان لێکتر جیاکردۆتەوە، کە هەریەکەیان بەشێوەیەك مانا دەبەخشن بە دەربرینەکان و نزیکمان دەکەنەوە لە مەبەستی قسەکەر، بۆیە بەبێ زانینی دەوروبەر و گەڕانەوە بۆیی، ئەستەمە لە مەبەستی قسەکەر تێبگەین لێرەدا پڕاگماتیك گرنگی بە مەبەست دەدات، کە لەگەیاندنی دەوروبەرێکی دیاریکراودا بەدیاردەکەوێت. (حمدامین، 2014، ل 13). دیارە کە(بریتخستن) لە دەقێکی نووسراودا دۆزینەوەی ئاسانە، لە هەردوو باری ئەنافۆڕ و کەتافۆردا دەردەکەوێت،کە بۆچی بەکارهاتووە، ئەم دۆخەش تاڕادەیەکی باش چارەسەری کێشەی واتامان بۆ دەکات، بەڵام چونکە (واتا) ناگیرێت و بوونێکی دیاریکراو و جێگیری نییە و پەیوەستە بە لایەنی دەروونی و جۆری بیرکردنەوەی قسەکەرو گوێگر ...هتد، بەبێ گەڕانەوە بۆ دەوربەری تایبەت بەگوتنەکە، ماناکەی دەرناکەوێت، بەجۆرێك ئەگەر تەنها پشت بە سیاقی ڕستەیەك ببەستین، یەك دیوی واتامان بۆ دەردەکەوێت، ئەویش واتای فەرهەنگی و پەیوەندییە سینتاکسیەکانی ڕستەکەیە و (واتای سیمانتیکی)دەگەیەنێت، وەك لەنموونەی(45)دا هاتووە، خۆ ئەگەر ئەم ڕستەیە لە چوارچێوەی دەقێکدا بخوێندرێتەوە، ئەوکات بەڕوانین لەڕستەکانی پێشتر و لکاندنی پارچەکانی دەق بەیەکەوە، دەردەکەوێت ئەو کەسە کێیە کە ئاوا بەخشندە و چاو نێرە، وەك لەنموونەی (40)دا هاتووە. بەڵام دوای گەڕانەوە بۆ بارودۆخی گوتنەکە، دیوی شاراوەی مەبەستی قسەکەر لە نمونەی (41)دا دەردەکەوێت، کە ڕەنگە مەبەست لێی توانج بێت و بۆ کەسێکی چاوبرسی و بەخیل وترابێت.

40-نانێکی هەبێ لەگەڵتا دەیکات بە دوو کەرت.

41-باوکی ئازاد مرۆڤێکی زۆر چاونێر و هاوکارە بۆ خزم و برادەران، هەرکات ڕووی تێ بکەیت، نانێکی هەبێ لەگەڵتا دەیکات بە دوو کەرت.

لەنموونەی (40)دا، جێناوی لکاوی کەسی سێیەمی تاك (ی)، لەبری (باوکی ئازاد) دانراوە، بە مەبەستی ئابووریکردن لە زمان، خوێنەری ئەم ڕستەیە لەلای نادیارە و نازانێ کەسەکە کێیە.

لەنموونەی (41)دا، بەگەڕانەوەمان بۆڕستەکانی پێشووتری دەقەکە، دەردەکەوێت ئەو کەسە (باوکی ئازاد)ە، بەجۆرێك لایەنی واتایش لەم دەقەدا ئەوەیە، کە زانرا (دوو لەتکردن)ی نان بۆ سیفاتی کەسی بەخشندە و چاونێر بەکارهاتووە.

ڕەنگە ئەو دەربڕینە هاوشێوەی زۆرێك لە دەربرینەکانی تری زمان، لەسەرەتاوە خەڵك زۆر پێی ئاشنا نەبووبێت و لێکدانەوەی پڕاگماتیکیان پێویست بێت، بەڵام دوای ئەوەی دەچێتە ناو خەڵك و هەمووان یان زۆرینەی کۆمەڵگا پێی ئاشنا دەبن، دەبێتە دانەیەکی فەرهەنگی و لێکدانەوەی سیمانتیکی بۆ دەکرێت و بە "لێکسکاڵ پڕاگماتیك" ناودەنرێت.

1-3 :ئابووریکردن و دیاردە نازمانییەکان :

( لەو ئاماژە و جولانەی لەش دەکۆڵێتەوە کە هاوڕێیەتی گوتن دەکەن، ئەو جۆرە لێکۆڵینەوەیە، لەتوخمی نازمانی دەکۆڵێتەوە، وەك(تیژی قسەکردن و کۆخین و باوێشك هاتن و گریان و پێکەنین...هتد)، کە ئەمانە چاڵاکی جەستەیین و وشەو ڕستە نین، بەڵام هەریەکە واتای خۆی هەیە، هەروەها زمانەوانی هاوڕێیەتی بایەخ بە بەکارهێنانی دیاردە نادەنگییەکان دەدات وەك: دەربڕینی دەموچاو، جولەی سەر و چاو، هەروەها ئاماژەکردن بە ئەندامەکانی جەستەی لەش، کە هەندێك جار بۆ ڕەزامەندی یان ڕوونکردنەوەی واتا و مەبەستی قسەکەر بەکاردێت، ئەم دیاردانەش بە سیماکانی زمانەوانی هاوڕێتی دەناسرێت)). (سەعید، 2011 ، ل21-22).

لەزمانی کوردییدا دەوترێت بێدەنگی"نیشانەی ڕازیبوونە، لێرەدا باری کۆمەڵایەتی گوتن و ڕووخساری کەسەکە دەستنیشانی واتا دەکات.

لە پەیوەندی نێوان دوو کەسیشدا کاتێك یەکێکیان باس لە بەسەرهاتی کەسیی خۆی دەکات، لەوکاتەدا کەسی بەرانبەر بەڕوخسار و لەقاندنی سەر هاوخەمی خۆی دەردەبڕێت.

2-3:ئابووریکردن و بنەماکانی هاریکاری:

بنەماکانی هاریکاری لەلایەن (گرایس)ەوە بۆ قسەکردن دانراون، بریتیین لە: ( بنەمای چەندێتی، بنەمای چۆنیەتی، بنەمای پەیوەندی، بنەمای شێواز)، بەڕوونی لە بنەمای چەندێتیدا ئاماژەیەکی ناڕاستەوخۆی کردووە بە ئابووریکردن لە زماندا، چونکە ئەم

بنەمایە بەمانای چەندێتی ئەو زانیارییانە دێت کە قسەکەر پێویستە بە گوێگری بدات، ئەویش لە ڕێگەی دوو بنەماوە جێبەجێ دەکرێت: . (عەلی، 2015، ل65).

یەکەم: زانیارییەکان بەڕادەی پێویست بن، واتە کورت و پوخت بن.

دووەم: زانیاری زیادە و درێژکردنەوەی تێدا نەبێت.

واتە گرایس جەخت لەسەر چەندێتی بەکارهێنانی کەرەسە زمانییەکان دەکاتەوە لەلای ئاخیوەر، داوا دەکات کەرەسەکان بەڕادەی پێویست بەکاربهێنرێن، بەو ڕادەیە کە بتوانێت پەیامەکە بە کورت و پوختی بگەیەنێتە وەرگر.

3-3 :ئابووریکردن و دەوروبەری کۆمەڵایەتی :

هەر لە زووەوە بەشێك لە زمانەوانەکان ئاماژەیان بەوە داوە کە زمان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە و ئامرازی سەرەکی پەیوەندیکردنە، ((قسەکەرێك لە دواندنیدا بۆگوێگرێك، کە خزم بێت یان هاوڕێ، یان ئاستی ناسیاوێتیان زۆر بێت یان کەم، یاخود شان و شکۆو و پلەی ڕامیاریاری و کارگێڕیان جیاوازتر بێت، هەموو ئەمانە ڕۆڵیان لە دیاریکردنی واتای وتراوەکەدا دەبێت)) (فەرەج، 2000 ،ل 140).

42-ئێستا داوا لەبەڕێز ئەندازیاری بەتوانا و بلیمەت، کاك (......) دەکەین بۆپێشکەشکردنی بابەتە بە نرخەکەی بفەرموێت بۆ سەر ستەیج.

43-داوا لە ئەندازیار (.......)دەکەین، بۆ وتنی بابەتەکەی بێتە سەر ستەیج.

لەنموونەی (42) و(43)دا ، هەمان مەبەست و پەیام بوونی هەیە، بەڵام بە دوو دەربڕینی جیاواز، کە دەربڕینی (42) ڕێزی زیاتری پێوە دیارەو شیاوترە بۆ ئەم شوێنە لە دەربڕینی (43).

خۆ ئەگەر چەند هاوڕێیەك لەنێوان خۆیاندا بۆ یەکتر قسە بکەن، ئابووریکردن زیاتر بە قسەکانییانەوە دەردەکەوێت، بە بەراورد لەگەڵ دانیشتنێکی فەرمی و قسەکردن لەسەر چەند پرسێکی هەستیار و چارەنووس ساز، ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە، کە کۆمەڵێك هۆکار هەن کاریگەریان لەسەر ئابووریکردن لە زماندا هەیە، لەوانە:

(قسەکەر و گوێگر، جۆری بابەت، کەناڵی گەیاندن، بۆنەی وتنەکە، ئاستی ژیری و ڕۆشنبیری کەسەکان، لایەنی دەروونی، کەلچەر و دەوروبەری جیاوازی وتن ....هتد)

لەژێر ڕۆشنایی ئەو جیاوازییە کۆمەڵایەتیانەوە دەردەکەوێت، بەپێی ئەم جیاوازیانە ڕێژەی ئابووریکردن دەستنیشان دەکرێت و بواری شێوازی دەربڕینەکان دەگۆڕێن، بەجۆرێك چەندە پەیوەندییەکان نزیکتر بن لەیەکتر و لەدۆخێکی نافەرمیدا بوترێن، پێویستیان بە دەربڕینی کورتر و سادەتر دەبێت و بە ماندوبوونێکی کەمتر تێگەیشتن دێتە ئارا.

لەبەر بەرفراوانی دەوروبەری کۆمەڵایەتی، تەنها باس لەئابووریکردن لە زمان، بەهۆکاری دووری و نزیکی قسەکر و گوێگر لەپەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان دەخەینەڕوو، بەجۆرێك هەرچەند مەودای کۆمەڵایەتی نێوانیان نزیکتربێت لە یەکتر، ئەوەندە توانای ئابووریکردن زیاتر دەبێت، لەبەر ئەم هۆکارانە:

- بوونی پێشینەي زانیاری نێوانیان سەبارەت بە یەکتر، وەك: (دایك بەرانبەر بە منداڵ، ژن و مێرد ...هتد)، لەو کاتانەدا بە وشەیەك یان تەنانەت ئاماژەیەکی جەستەیی پەیامەکە دەگوازرێتەوە.
- بەکارهێنانی زمانی نافەرمی، لەبری زمانی فەرمی ، وەك لە نموونەی ژمارە (43)دا ئاماژەی پێدراوە.

44-کوڕ: لانە خان، بەیارمەتیت، ئەگەر ئەرك نەبێ دەکرێ دەفتەری تێبینییەکانتم بدەیتێ؟ ئەوانەی دوێنێم نەنووسیوە.

45-ئەو دەفتەرەم بدەرێ، تێبینیەکانی دوێنێم نەنووسیوە. (فەرەج، 2000، ل 179).

لەنموونەی (44)دا، سنووری نێوان دوو قوتابیەکە وای کردووە، دەربڕین و دواندنەکە فەرمی بێت، بەڵام لەنموونەی (45)دا، ئاست و سنووری هاوڕێیەتی نێوانیان بەشێوەیەك بوو، کە خۆیان بە یەکسان بزانن، بۆیە ئابووریکردن ئەنجام دراوە.

4-3 : ئابووریکردن لەپێشگریمانەدا :

لای هالیدای ئەوەی جێی بایەخی زمانەوانەکانە ئەوەیە کە: ئێمەچۆن پێشبینی دەکەین؟

هۆکاری یەکەمی پێشبینی کردن بریتییە لە (دەوروبەری ئێستایی (حال)، کەوا ئەو دەوروبەرەی پەیوەندیکردنەکەی تێدا ئەنجام دەدرێت توانایەکی باش بە بەشداربووانی پەیوەندیکردنەکە دەبەخشێت بۆ زانینی ئەو زانیاریانەی ئاڵوگۆڕ دەکرێن. ئەمەش توانای ئابووریکردن بە قسەکەر و گوێگر دەبەخشێت: وەکو:

زۆر حەزمکرد لەم تاقیکردنەوەیەدا دەربچم Ø Ø.  (بەڵام دەرنەچووم)

گوێگر پێشگریمانەی خۆی دەكات، كە تۆ دەرنەچوویت.

هەریەك لە قسەكەر و بارودۆخ و كات و شوێن ....هتد، هاوكاری باشی گوێگر دەكەن بۆ تێگەیشتن لە مەبەستی قسەكەر، ئەگەرچی قسەكەر بەكەمترین دەربڕین پەیامی خۆی بگەیەنێت، وەك:

46-هەولێر هەولێرە.

نموونەی (46) خۆی لەخۆیدا دەقێكی تەواوە، ئابووریكردنی زۆری تێداكراوە، وشەی (هەولێر) كە خەتی بەژێردا هاتووە، وەك دیارخەر بۆ سیفاتی ئەم شارە بەكارهێنراوە، بەجۆرێك لەبری چەندین كەرەسەی دیكەی زمانیی دانراوە، ئەوەی یارمەتی گوێگر دەدات بۆ تێگەیشتن لە مەبەستی قسەكەر، بەڕادەی یەكەم خودی قسەكەرە، چونكە ئێمە لە ڕێگەی شارەزاییمان لەپێشینەو جۆری كەسایەتی قسەكەر، توانای پێشگریمانەمان زیاتر دەبێت بۆ تێگەیشتن لە مەبەست، بۆیە دەڵێین:

● ئەگەر دەربڕینی (46) لە دەمی دڵسۆزێكی ئەم شارەوە ببیسترێت، پێشگریمانەی وەرگر بریتییە لە: وەسفكردنی ئەم شارە بە باشی و جوانی و مەزنی....هتد لەلایەن ئێرەوە.

● ئەگەر هەمان دەربڕینی (46) لە دەمی دوژمن و ناحەزێكی ئەم شارەوە ببیسترێت، پێشگریمانە دەكرێت توانج و گاڵتەكردن بگەیەنێت. واتە لە هەردوو باردا ئابووری كراوە.

لە هەندێك باری تایبەتیدا، واتای بێدەنگبوونی بەرانبەریش لەڕێگەی پێشگریمانەوە دەزانرێت، كە بارودۆخ و بابەتی پەیوەندیكردنەكە هاوكار دەبن بۆ تێگەیشتن لە مەبەستی بەرانبەر، نموونە:

كاتێك لە كەلتووری كوردیدا خوازبێنی كچێك دەكرێت، دایكەكە دەچێتە لای كچەكە و دەپرسێت، كچم ڕای تۆچییە؟

كچەكە تەنها بە زەردەخەنەیەك وەڵام دەداتەوە، ئەوكاتە دایكەكە تێدەگات كە كچەكەی ڕازییە.

5-3 :ئابووریكردن لەڕێگەی میتافۆڕەوە :

بەشێوەیەكی گشتی زمانەوانەكان لەسەر ئەوە هاوڕان، (میتافۆر یەكێكە لە تایبەتمەندییە سەرەكییەكانی زمانی مرۆڤ، یەكێك لە خەسڵەتەكانی میتافۆر بریتییە لە بەخشینی واتای زیاتر یان مەبەستی زیاتر و نوێتر لەڕێگەی دەربڕینێكی ترەوە) (محمدامین، 2015 ، ل 5).

ئەم ناساندنەی میتافۆڕ لەسەرەوە، باس لە بەخشینی واتا یان مەبەستی زیاتر و نوێتر لەڕێگەی دەربڕینێكی ترەوە دەكات، ئەمەش ئابووریكردن دەگەیەنێت، نموونەبۆ دەربڕینی ئەم ڕاستییە:

47-پیاو ئەبێ ڕاستگۆبێ.

لێرەدا وشەی پیاو هاوواتای مرۆڤە و لەبری (نێر و مێ) بەكارهاتووە، واتە بە پرۆسەی بە مێتافۆربووندا ڕۆیشتووە، گۆڕانی واتایی لەجۆری (فراوانبوون)ی بەسەردا هاتووە و جگە لە ڕەگەزی نێر بۆ ڕەگەزی مێینەش بەكارهاتووە.

سەیری جیاوازی نێوان ئەم دوو دەربڕینە بكەن:

48-نەسرین كچێكی جوانە.

49-نەسرین مرۆڤێكی جوانە.

لە نموونەی (48)دا، تەنیا خاسیەتی جوانی دراوەتە پاڵ وشەی كچ.

لە نموونەی (49)دا، جگە لەخاسیەتی جوانی چەندین خاسیەتی دیكەی وەك (مەردایەتی ، ڕەوشت، وەفا، ڕێزگرتن.....هتد) دەگەیەنێت، بۆیە وەك مێتافۆر بەكارهاتووە و مانای فراوانی بەدەربڕینی تاكە وشەیەك بەخشیووە.

ئەمڕۆ گوڵی خۆمم بە ترسێكی زۆرەوە دواند.

وشەی "گوڵ" لەبری (كچێكی زۆر جوان) بەكارهاتووە ، كە ئابوري تێداكراوە، بەڵام ئەگەر بیبەینە ناو دەوروبەری باردودۆخ، ڕەنگە زۆر مەبەستی دیكە لەئارادابێت.

((میتافۆر ئەو كاتە واتادار دەبێ، كە قسەكەر و گوێگر شارەزاییان لە دەوروبەری زمانی و نازمانی هەبێت، ئەگەر بە دەوروبەرەوە نەبەسترێنەوە، واتا و مەبەستەكە نادۆزنەوە)) (ئەحمەد، 2017 ، ل65).

50-خۆر دەركەوت.  بەو مانایانەی خوارەوە و چەندین مانای دیكە دێت:

"دەركەوتنی هیوا"یان "دەركەوتنی ئازادی، یان یار، یان.........هتد.

6-3 : ئابووریکردن لەڕێگەی ئیدیەمەوە:

ئیدیەم دەربڕینێکە واتاکەی جیاوازە لەواتای گشتی کەرتەکانیەوە، واتە ئیدیەم لە کەرەسەیەك زیاترە و جۆرە ڕۆنانێکی هەیە، کە لە کۆی واتای کەرتەکانییەوە پێشبینی ناکرێت. (سەعید، 1998، ل 205).

ئیدیەم دەربڕینێکی کورت و پوختە و واتایەکی فراوانی هەیە، بەکارهێنانیان مەبەستی ئابووریکردنیشی تێدایە، هەندێکیان، "لێکسیکەڵ پراگماتیك" ن، واتە ئەو دانە فەرهەنگیانەی کە قسەکەرانی زمانی کوردی بە هۆکاری زۆر بەکارهێنانی، واتاکەیان لەلا ڕوونە و بۆتە دانەیەکی بەکارهاتووی چاڵاك لە زمانەکەدا. وەك " چاوشۆڕ ، دڵگەورە، سەربەرز .....هتد"، بۆ نموونە دەوترێت:

51-هاوڵاتیانی سەربەرزی کوردستان، دڵنیاین کوردستان خاوەنی شێری وەکو ئێوەبێت، ناڕوخێت.

لەنموونەی (52)دا، "سەربەرز" لە بنچینەدا ئیدیەمە، بەڵام چاڵاکانە هاتۆتە ناو زمانەوە و واتایەکی فەرهەنگی بۆ دروست بووە و هەمووان وەك وشەیەکی فەرهەنگی بەکاریدەهێنن.

ئیدیەم و مێتافۆر لەیەکتریەوە نزیکن و لەزۆر باردا تێکەڵی یەکتر دەبن، جیاوازیی بەرچاوی نێوانیان ئەوەیە، کە مەرج نییە ئیدیەم لە بەزاندنی سیما واتاییەکانەوە دروست بوبێ، ڕەنگە زۆرجار لە کەتوارە کۆمەڵایەتییەکەوە سەرچاوەی گرتبێ، بەڵام هەرچی مێتافۆرە پارێزگاری لە سیستەمی واتایی دروستبوونی دەکات و بەهۆی بەزاندنی سیما واتاییەکانەوە دروست دەبێ. (محمدامین، 2015، ل 29)

ئیدیەم دەربڕینێکی زۆر کورترە لەو مەبەستەی کە لەپشتی وشەکانەوە دەردەبڕێن، ئەم خاسیەتەش تەریب دەوەستێت لەگەڵ ئابووریکردن لە زماندا، وەکو:

52-چاوی تێرە.

دیارە تێربوون لەباری ئاسایی خۆیدا کە واتای فەرهەنگییە، تێربوونی گەدەی مرۆڤ دەگەیەنێت، بەڵام بەگەڕانەوە بۆ دەوروبەری گوتن، تێربوون لەگەدەوە بۆ چاو خوازراوە. ئەمە و چەندین نموونەی دیکەی ئیدیەم، لەوانە: ( دڵپیس، زمان لووس، ئاگری بن کا...هتد) ( ساڵح، 2010، ل 92).

7-3 : ئابووریکردن لەڕێگەی پەندی پێشینانەوە :

یەکێك لەپێناسەکان بۆ پەندی پێشینان دەڵێت: "دەربڕینێکی کورت و پوخت و ڕێکوپێکە، واتایەکی قوڵ و فراوانی هەیە، بەری ڕەنج و کۆششی باب و باپیرانمانە بۆ لەژیان گەیشتن، تۆماری زانیاری و ڕۆشنبیری سەردەمێکی زووی کۆمەڵانی خەڵکە و پەند و یاسای ژیانی ڕۆڵەکانی میللەتە".

زۆربەی زمانەوانەکان کۆکن لەسەر ئەوەی پەندی پێشینان بەپرۆسەی ئابووریکردندا دەڕوات و پوخت و کورتە و مانایەکی زۆر لەپاڵ چەند وشەیەکدا دەگەیەنێت بە بەرانبەر، هاوکات دەوروبەری بارودۆخ و پەیوەندی نێوان کەسەکانیش ڕۆڵیان لەگەیاندنی ماناو مەبەستدا دەبێت، چونکە زۆر دەوترێنەوە و مەودای بەکارهێنانیان زۆر فراوانە، خەڵکی لە دانیشتنەکانیان بۆ مەبەستی کورتبڕی و دوورکەوتنەوە لە درێژەپێدان، لەبری قسەکردنێکی زۆر، تەنها پەندێك دەڵێن و خەڵکیش ئاشنان بەمانای پەندەکە.

هەندێ لە زانایانی فۆلکلۆر دوو خەسڵەتی سەرەکی لە پەندی پێشینان دەستنیشان دەکەن، بەمشێوەیە:

1-شێوەی فێرکردن و پەند و ئامۆژگاری.

2-کورتبڕی و خەست و قووڵی لە داڕشتندا.

53-سوار تا نەگلێ ، نابێ بەسوار.

لە نموونەی (54)دا، ئابوورکردن لە زمانی نووسینی ئەم پەندەدا کراوە، بەم هۆکارانەی خوارەوە:

1-ئەو ڕستەیەی بە کورتی دادەڕێژرێت، کاریگەرترە و کار لە وروژاندنی دەروونی گوێگر دەکات و لەبەرکردنی ئاسانترە.

2-بۆ ئەوەی قسەکەر کاتێکی زۆر بەفیڕۆ نەدات، وشەش پاشەکەوت بکات.

3-هەندێکجار پەنا بردنە بەر کورتبڕی، دەشێ لەپێناو مەبەستێکی تایبەت بە بارودرخی قسەکردنە بێت. (احمد، 2012 ، ل9).

زۆرینەی ڕەهای پەندەکان لە زماندا، کورتەی چیرۆکێکی ڕاستەقینە یان ڕووداوێکی مێژووین، ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت، کە کورتبڕی لە پەندی پێشیناندا بەسوودی ئابووریکردن لە زمان تەواو دەبێت، چونکە ئەگەر چیرۆك یان ڕووداوێکی درێژی ژیان لەیەك پەندی کوردیدا وێنا بکرێت، واتە ئابووریکردنی تێدا ئەنجام دراوە و پوختەی مەبەستی گەیاندووە.

ئەنجام

1-ئابووریکردن هەموو زمانەکانی جیهان و تەنانەت هەموو ئاستەکانی زمانیش دەگرێتەوە، بەڵام بە ڕێژە و شێوازی جیاواز، ئەم دیاردەیەش زیاتر لە گوتندا بەدی دەکرێت، لەبەرئەوەی کۆمەڵێك هۆکاری وەکو: (فۆنیمە ناکەرتییەکان و زمانی جەستە و ....هتد)، هاوکاری قسەکەر و گوێگر دەکەن لە کورتکردنەوەی پەیامەکانیاندا.

2-دوو شت زمان بەڕێوەدەبەن، یەکەمیان: دەوروبەری زمانی، کە کەرەسە زمانییەکان تیایدا ماناکانیان وەردەگرن، ئەویش دەوروبەری زمانی دەقە. دووەمیان: ئەو هەڵوێست و بۆنەیەی کە قسەی تێدا دەکرێت.

3-قسەکەری زمان هەوڵی ئابووریکردنی زمان دەدات، خواستی ئەوە دەکات بە کەمترین وزە و کات، زۆرترین پەیام بگەیەنێت.

4-قسەکەر و نووسەر تا ئەو ڕادەیە سەربەستن ئابووریکردن لە زماندا پەیڕەوبکەن، کە نەبێتە مایەی تێکدانی واتا و دروستبوونی لێلواتایی، ئەگەرچی هەندێکجار ناڕوونی هەر دروست دەبێت، ئەمەش زیاتر لە نووسیندا نەك لە دەوروبەری گوتندا.

5-ڕێژەی ئابووریکردن لەزمان، بەپێی دەروروبەری جیاواز دەگۆڕێت، بۆ نموونە، لە هەندێك دەوربەردا مرۆڤ دەبێ شێوازێکی فەرمی لە دەربڕیندا بەکاربهێنێت، بە بەراورد لەگەڵ هەندێك دەوروبەری کۆمەڵایەتی کە شێوازی نافەرمی تیادا قبوڵە بۆ پەیوەندیکردن و دەتوانرێت بە کورتترین دەربڕین پەیام بگوازرێتەوە.

6-دیاردە نازمانییەکان هاوڕێیەتی وشە و ڕستەکان دەکەن و دەبنە هاوکار بۆ گەیاندنی پەیام بە شێوەیەکی کورت و پوخت.

**لیستی سەرچاوەکان**


ا- بە زمانی کوردی:

-ئەحمەد، عەبدلمەناف ڕەمەزان (2017)، مێتافۆر لە زمانی کوردیدا، تێزی دکتۆرا- زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر.

-احمد، عبدالباقی اکرام (2012)، واتا و مەبەست لە پەندی پێشینانی کوردییدا، نامەی ماستەر- کۆلێژی پەروەردە- زانکۆی سەڵاحەدین، هەولێر.

-بوقرە, نوعمان (2016)، و. پ.ی. د. نەریمان عەبدوللا خۆشناو، ئاراستەکانی زمانەوانی نوێ (لەسۆسێرەوە تا چۆمسکی)، چاپخانەی ڕۆژهەڵات- چاپی یەکەم، هەولێر.

-تۆفیق، قیس کاکل (2003)، پەیوەندییەکانی نێو دەق، تێزی دکتۆرا- زانکۆی سەڵاحەدین –هەولێر.

-دزەیی، عبدالواحد موشیر (2014)، پراگماتیکی دەق و گوتار، چاپی یەکەم ،هەولێر.

-ڕەسوول، سەڵاح حەوێز (2014)، پرەنسیپی بەئابووریکردن لە زمانی کوردیدا، چاپخانەی حاجی هاشم- هەولێر.

-ساڵح، دەروون عەبدوالڕەحمان (2010) ئیکۆنۆمی لە ئاستەکانی زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر- کۆلێژی زمان – زانکۆی سلێمانی ، سلێمانی.

-سەعید، یوسف شەریف (1998)، کاری لێکدراو لە کوردی و فارسی دا، تێزی دکتۆرا-. کۆلێژی ئاداب- زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

-سەعید، یوسف شەریف (2011)، زمانەوانی، چاپخانەی ڕۆژهەڵات- چاپی یەکەم ، هەولێر.

-سلێمان، ئاسۆس انور (2008)، جێناوی نیشانە لە زمانی کوردییدا، نامەی ماستەر، زانکۆی بەغدا- کۆلێژی ئیبن ڕوشد، بەغدا.

-عەلی، بەدرخان سلێمان (2015)، لێکەوتەی ئاخاوتەیی لە ڕۆمانی کوردیدا، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی، فاکەلتی زانستە مرۆڤایەتییەکان- سکوڵی زمان، سلێمانی.

-عەلی، تاڵیب حوسێن (2019)، شیکردنەوەی گوتار، چاپی یەکەم ، چاپخانەی هێڤی، هەولێر.

-فەرەج، هۆگر مەحمود (2000)، پراگماتیك و واتای نیشانەکان، تێزی دکتۆرا، کۆلێژی زمان- زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

-محمد امین،ئەژین اکرم (2014)، ڕۆڵی (N.L.P) لە بەرووپێشبردنی خوێندنی زانکۆییدا، کۆلێژی زمان- زانکۆی سەڵاحەدین، هەولێر.

-محمد امین، گوڵچین عزیز (2015)، مێتافۆری کار لەزمانی کوردیدا،نامەی ماستەر- فاکەڵتیی ئادابی زانکۆی سۆران.

-محەمەد، حاتەم ولیا (2009)، پەیوەندییە ڕۆنانییەکانی نواندە سینتاکسییەکان، دەزگای توێژینەوەو بڵاوکردنەوەی موکریانی- چاپی یەکەم ، هەولێر.

-ملا محمدأمین، بیان و عەلی، تاڵیب حسێن (2023)، فرەواتایی پارتیکل لە زمانی کوردیدا، گۆڤاری زانکۆ بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان- زانکۆی سەلاحەدین، بەرگی 27، ژمارە 1، هەولێر.

**ب- بە زمانی عەرەبی:**

-براح، ناريمان (2015)، النظرية السياقية في الدرس اللساني قديما وحديثا، رسالة ماجستير، كلية اداب- الجزائر.

-رقاني، اسماء و العربي،جميلة (2014-2015)، الاقتصاد اللغوي في المستوى التركيبي، ماجستير- جامعة أكلي محند أولحاج- البويرة، الجزائر.

-علاوة، هادية (2015)، دور السياق في توجيه المعنى، جامعة العربي بن مهيدي – الجزائر.

-غديري، وردة (2002-2003)، سمات الاقتصاد اللغوي في اللعربية، ماجستير_ كلية الآداب والعلوم الانسانية- جامعة الحاج لخضر، الجزائر.

-قباوة،فخرالدين (2001)، الاقتصاد اللغوي في صياغة المفرد، الطبعة الاولى، قاهرة- مصر.

-هزلة، صالح (2015) ، السياق اللغوي واثره في توجية المعنى في تفسير (ابن عطية)، رسالة ماجستير- جامعة الشهيد حمة لخضر الوادي، الجزائر.

**الاقتصاد اللغوي في ضوء علاقات النص في السياق**

اسوس انور سليمان
معهد الادارة التقني اربيل، قسم مؤسسات الادارة السياحية، جامعة البولوتكنيك اربيل
Asos.sulaman@epu.edu.iq .

**ملخص**

هذا البحث المسوم بـ (الاقتصاد اللغوي في ضوء علاقات النص في السياق) قد سلطنا الضوء على العلاقة بين النص والاقتصاد اللغوي في اللغة الكردية. وقد حاولنا في هذا البحث أن نبرهن أن الاقتصاد يمكن أن يكون متواجدا في كل مستويات اللغة بدون الانقطاع، ولهذا السبب حاولنا من خلال النماذج التطبيقية أن نحدد هذا الجانب ولاسيما من جانب الحوار، وأن ننبه على أن الاقتصاد اللغوي، مع تحديد بعض الأسباب التي تؤدّي إلى هذا الجانب، ومعرفة الاقتصاد اللغوي أثناء المناقشة والعلاقة النصية.

إن معرفة العلاقة لها أثر كبير لفهم الرسالة ونقلها، وذلك بصرف أقل الطاقة والوقت، لأن المعلومات المشتركة لا تحتاج إلى إعادتها، ولا تسعى إلى عملية فهم النص وتسهيله، وإنما تحتاج إلى إعطاء بعض الوقت والطاقة من لدن علاقة المتكلمين، وللتخلص من هذه الحالة فإن متكلمي اللغة الذين يتكلمون بحسب البيئة التي حولهم وأحوالهم، شريطة عدم خلق الكدر الكمي في أثناء الكلام، وذلك عن طريق تقنية اللغة التي هي(الانحراف ، الاختصار، الاستبدال) التي نلحظها في جميع مستويات اللغة ولا سيما الحوار منها.

**الكلمات الرئيسية:** الاقتصاد, الاقتصاد اللغوي، الانحراف ، الاختصار، الاستبدال.

**Linguistic Economy in context relations**

**Asos Anwer Sulaiman**
Erbil Technical Institute, Tourism Foundations Administration, Erbil Polytechnic University
Asos.sulaman@epu.edu.iq .

**Abstract**

This research is entitled Linguistic Economy in context relations. It highlights on the economy of Kurdish Language. It improves that Economy as a phenomenon can be noticed and conducted in all levels of the language. Therefore, it was attempted to identify those aspects of languages that has been economized by taking practical examples in conversations. Also, it identifies the factors that makes the speakers to economize in their .expressions throughout communication process

Having background in communication process between the sender and the receiver has great role in understanding the message or the mission, and it makes it easier in less time and effort. As the shared information between them does not need to be repeated and will not serve in facilitating and understanding the communication process. While it takes more time and effort from the speakers' side. So to get rid of that, the speakers through considering the context and the speaking conditions, as well as to avoid the ambiguity in language, they do economize the language. It can be done through different mechanisms of language such as: (Deviation, Abbreviation, Substituting) which can be noticed in all levels of Kurdish language, particularly during conversation

**Keywords**: Economy, Economy Linguistic, Deviation, Abbreviation, Substituting